

# چاوێک لە مێژووی سروود و گۆرانیی شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خەلیل غەزەڵ

xelilxezel@yahoo.com

ماوەیەک پێش هونەرمەندی بواری هونەری گۆرانیی گەلە کەمان ،کاک ناسری ڕەزازی پاش ماوەیەک دوورو درێژ،دوای مەرگی هونەرمەندی پێشمەرگە و هاوسەری،خاتوو مەرزییە ، لە وتووێژێکدا بەشداریی کرد.ئەوەی لەم وتووێژەدا سەرنجی منی راکێشا،باسێک بوو لە سەر سروود و گۆرانیی شۆڕشگێڕی.باسەکەش دیارە پێشتریش چەند جار لە لایەن کاک ناسر و کەسانی دیکەوە لە بۆنە و وتووێژی دیکەدا هاتبووە ئاراوە. بەڵام وا دەردەکەوت کە هەروا بە گرێ پووچکەیی مابووەوە.
داستانەکە بەم شێوەیە کە تا ئێستا بەڕێز کاک نەجمەی خوڵامی گۆرانی بێژی دەنگخۆش، چەند جار لە سەر ڕاگەیەنەرەکان باسی ئەوەی کردووە کە یەکەم سروود بێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە **!!** گەرچی ئەم ئیدیعا ناراستە لە ڕابردوودا چەند جار لە لایەن کاک ناسری رەزازی و کەسانی دیکەوە ڕاست کراوەتەوە و بە بەڵگە و باسکردنی مێژووی سروود و گۆڕانیی شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا،لایەنە نادیارەکانی روونکراوەتەوە، بەڵام واوێدەچی کە کاک نەجمە هێستا قەناعەتی نەهێنابێ، بۆیە من یش بەڕادەی زانیاریی خۆم و بە کەڵک وەرگرتن لە حافیزە،هەوڵدەدەم ڕۆشنایەک بخەمەسەر ئەم باسە. دیارە گەریش بمویستایە بە شوێن بەڵگە و ئارشیودا بگەڕێم ،بەهۆی هەلومەرجی ژیانم ،هیچم دەس نەدەکەوت. ئەگەرچی دەبێ بەداخەوە ئەوەش بڵێم کە ئێمە گەلێکین کەمتر فێری ئارشیو کردن و نووسینی مێژووی خۆمان بووین.

لەپێشدا ئەوە وەبیر دێنمەوە کە باسکردنی ڕووداوەکان و هەڵسەنگاندن و ڕادەربڕین و نەزەردان، تەنیا لە روانگەی خۆمەوەیەوە . هەرکەسێک، گەر هەڵە یا ناراستییەک لەم دەقەدا بەدی دەکات،سپاسی دەکەم گەر بە ناردنی نامە بۆخۆم یا نووسین لە سەر ڕاگەیەنەرەکان ئاگادارم بکاتەوە. هەروەها ئەو بەڕێزانەی لێرە ناویان دێت ، دەبێ دڵنیا بن کە هیچ مەبەستێکی کەم کردنەوەی بایەخی کارەکانیان یا بێحورمەتی لە ئارادا نەبووە. بەڵکە تەنیامەبەست باسکردنی ڕاستییەکانی مێژووی سروود و گۆرانیی شۆڕشگێڕیە لە روانگەی خۆمەوە. گەرچی ئەوە ئەرکی کەسانێک بوو کە خۆیان لە رەوتی ڕووداوەکانی ئەم مەسەلەیەدا بوون. بەڵام بەداخەوە خۆیانی لێنادەن. ئەم خۆ دزینەوەش لە کاتێکدایە کە هێشتا زۆر لەو کەسانە کە لەم بوارەدا کاریان کردووە،لە ژیان دان. بەڵام وادیارە باسکردنی ڕاستییەکان "بۆ پەز زەرەری هەیە". بۆیە هاتمە سەر ئەو ڕایە کە ئێستە کە ئەوان دوورەپەرێز دەمێننەوە، کەسانی وەک من ناچار دەبن ،سەرەڕای هەموو کەم و کووڕێ و بێ ئیمکانی، بێدەنگ نەبن و هەوڵێک(هەرچەند چکۆلە) بۆ روونکردنەوەی ئەم باسە بدەن.

*****

لە پاش رووخانی کۆماری کوردستان و ئیعدامی سەرکردەکانی و لەوانە " قازی"،بۆ ماوەیەک حکوومەتی ئێران دەتوانی سێبەری رەشی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی بەسەر ڕۆژهەڵاتی

کوردستاندا بکێشێ. بەشێوەیەک کە تەنانەت باسی کورد بوون یش دەبێتە تاوان و سزای بەدواوە دێت. هەر کەش وهەوایەکی ئەوتۆ (نەک بەم ڕادەیە) باشووری کوردستانیش دەگرێتەوە. هەر لەم سەردەمەداڵە باکووری کوردستانیش شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی گەلەکەمان تووشێ شکست هاتوون و کەماڵیزم بە شێنەیی خەریکی پیادەکردنی بەتورک کردنی گەورەترین بەشی کوردستانە. چارە ڕەشیەکە لەوەدایە کە ئەم سەردەمە سەردەمی پێشکەوتنی پێشەسازیی و تا ڕادەیەک پێوەندییەکانە و ئیمەی کورد لێیان بێبەشێن. لەم سەردەمەدایە کە ڕادیو وەک ئامرازێکی گاریگەریی پێوەندی و راگەیەنەری، بەرە بەرە دەبێتە ئامرازێکی گشتی و کەرەستەیەکی پێویستی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک لە هەموو جیهاندا.ئەوەیە بەرەبەرە ئێزگەی رادیو لە وڵاتان رووله زیاد بوون دەکەن و ئیتر ئەوە تەنیا پێتەختەکان نیین کە خاوەنی ئێزگەی ڕادیون. شانبەشانی ئەم پێشکەوتنە کە لەڕاستیدا پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتیشە،حکوومەتەکان و دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکان ئەم ئامرازەی پێوەندی لە خزمەتی خۆیان و رێباز و سیاسەتەکانیان دەگرن.

حکوومەتی پەهلەویش کە خاوەنی ڕاوێژکارانی پسپۆڕی ئەمریکایی بوو،زۆر زوو پەی بە گرنگیی ڕادیو برد و بەباشی لە خزمەتی ئامانجەکانی خۆی گرت. ئەڵبەت ئەوە رەوەندێک بوو کە لە هەموو شوێن دەستی پێکردبوو ،بەڵام حکوومەتی ئەوکاتی ئێران زووتر لە دەوڵەتەکانی دەور وبەری لە کاری گرت. ئەوەبوو سەرەتا(سەردەمی کۆمار و پاش رووخانی کۆمار) لە چەندجێگەی کوردستان بەهۆی لەشکر(ئەرتەش)ەوە،ئێزگەی رادیوی چکۆلەی(خۆجیی)دانا کە نموونەی مەهاباد و سنە بوون. کەم کەم پەرە بەم ناوەندانە درا و لە ئیختیاری ئەرتەش دەرهێنرا و دەوڵەت سەرپەرستیی بەدەستەوەگرت. بەڵام هەمیشە لەغاویان لەدەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا بوو. هەرلەم دەورانەدا ئەم رادیوانە سەرەڕای بانگەشەی سیاسەتەکانی حکوومەت و ترساندنی خەڵک، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ئامێری رادیو لە ماڵان، بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک و بیسەران، بڵاوکردنەوەی گۆرانیی خۆجێی(بۆ ئێمە کوردی)یان دەسپێکرد. شانبەشانی ئەمەش ناوەندەکانی حکوومەتی (هەروەک چۆن ئێستا گوێدان و چاولێکردنی زۆر ڕاگەیەنەر مەمنووعە) خەڵکیان لە گوێگرتن لە هێندێک لە ڕادیوکان مەمنووع دەکرد و زۆر جار شەوانە دەرژانە ماڵی خەڵک و بەتاوانی گوێدان بە فلانە ڕادیو دەیانگرتن. ئەم رەوەندە هەروا بەردەوام بوو تا ساڵی 1337ی کۆچی کە دەکاتە 1958ی زایینی.

لەم ساڵەدا لە وڵاتێکی دراوسێی ئێران رووداوێکی مێژوویی روودەدات کە پاشهاتەکانی شوێنی ڕاستەوخۆ لەسەر سیاسەتی ناوچەکە و لەوانە ئێران دادەنێ .کە بێگومان کاریش دەکاتە سەر ژیان و داهاتووی کوردان لەم ناوچەیە. بەڵی رۆژی 14ی تەمووزی ساڵی 1958 لە ئێراق کوودتایەکی سەربازی بە فەرماندەری ژنراڵێک بەناوی "عەبدولکەریم قاسم" بۆ هەمیشە کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی لەم وڵاتە دێنی. ئەم گۆڕانە سەرەڕای ئەوە دەبێتەهۆی بووژانەوەی سەرلە نوێی وشیاریی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان ،کاریش دەکاتە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان.

جیا لە کوردستان، حکوومەتی ئێران بە رووخانی دەسەڵاتی هاشمی‌یەکان لە ئێراق،کێچ وەکەوڵێ دەکەوێ. چوونکە ئەو دەسەڵاتەی بە برا و هاوپشتی خۆی دەزانی و بێجگە لەوەش بە رووخانی مەلیک فەیسەڵ(ئاخرین پاشای ئێراق) هاوپەیمانێکی ستراتێژیکیی لەدەس دابوو.

حکوومەتی پاشایەتی لە ئێراق و شای ئێران لە شەڕی نێوان دوو زل هێزدا خۆیان و چارەنووسیان بە رۆژئاواوە بەستبووەوە. بەڵام دەسەڵاتی تازە لە ئێراق، هەموو پێوەندیەکانی لەگەڵ رۆژئاوا

بڕی و رووی لە لایەنی بەرابەر واتا سۆڤییەت کرد. کە ئەمەش لەخۆیدا توانی دژایەتییەک بخاتە نێوان هەردوو حکوومەتەوە.
لێرە بەدواوەیە کە دەوری ڕاگەیەنەرەکان(لێرەدا مەبەست ڕادیویە) لە ئێراندا بە نیسبەت گەلی کوردەوە هێندێک گۆڕانیان بەسەردا دێت. بەتایبەت کاتێک ئەوە لەپێش چاو بگرین کە ئەو ڕادیوە کوردیە کە لە بەغدا هەبوو ، ئیتر بە ئاشکرا باسی کورد و مافەکانی و برایەتی لەگەل عەرەب و .. دەکرد. هەروەها لە ئێراقی پاش پاشایەتیدا، بزووتنەوەیەکی گەورەی کوردی پێدەگرێ کە پاشتر بواری گەورەترین شۆڕشی چەکداریی نەتەوەی کورد لە مێژودا خۆش دەکات .کە ئەویش شۆڕشی ئەیلوولە.
سەرجەم ئەمانە دەسەڵاتی ئێران هاندەدات کە هەم بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی کوردی باشوور و هەم دژایەتی کردنی دەسەڵاتی نوێی ئێراق و بەشێکیش ڕازی ڕاگرتنی کوردەکانی رۆژهەڵات ، بە خۆ بەستنەوە بە ناسیونالێزمی ئێرانیدا،هاوکات لەگەڵ کارە ئیتلاعاتی و جاسووسیەکانی، ڕادیویەکی بەهێزیش لە تاران بە زبانی کوردی وەرێبخات. جوان لەبیرمە بۆ کردنەوەی ئەم ڕادیوە، دەسەڵات ماوەی چەندین مانگ لە شار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت ئێران و، هەروەها لە ڕێگەی جاسووس و پیاوەکانی خۆیەوە لە باشووری کوردستان دەستی دایە بانگەشە کردن و چەندین پۆستەری رەنگی(ئەوکات چاپخانەی رەنگی لە ئێران دەگمەن و چاپی رەنگی زۆر گران بوو) بڵاوکردەوە کە سەردێڕی هەموو پۆستەرەکان "کورد و نەتەوایەتیی ئێران" ی لەسەر بوو. ئەم ڕادیوەش هەربەو دروشمەوە دەستی بەکار کرد و یەکەم سروودی کوردی لێرەدا بڵاو بوەوە کە شێعرەکانی باسی کورد و "کاوەی دلێر" و "ئێرانی بوونی کورد" و بێچووە "شێر" بوونی "کوردی بە رەچەڵەک ئێرانی" دەکرد.
هەروەها چەندین شارەزا و کوردیزانی باشی سەردەم لە هەردوو بەشی کوردستانی باشوور و رۆژهەڵات(کە هێندێکیان لە ژیاندان)تێیدا کاریان دەکرد. دیارە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە ئەوکات هاوکارانی ئەم ڕادیوە لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە، وەک هاوکاری حکوومەت چاویان لێدەکرا. ئەگەرچی رەنگە تاک و تووکێک بەرەو هاوکاریی حکوومەت رویشتبێتن، بەڵام کەسی واش هەبوو کە سەودای خزمەتکردنی کورد و زبانەکەی لەسەردابوو.
لەم سەردەمەدایە کە یەکەم سروود بەکوردی دەخوێندرێ و بڵاو دەکرێتەوە(ئەگەرچی حکوومەت خستبوونیە بواری پێشبردنی فیکر و سیاسەتەکانی خۆیەوە) . پاشان چەندین سروودی دیکەش بەشێوەی کورس(کۆڕ) خوێندران کە ئەوەی من بەباشی لەبیرمە و پاشانیش ڕادیو کرماشان بڵاوی دەکردەوە"ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە" لە شێعرەکانی ماموستا هیمن بوو. کە بە ئورکستێکی جوان و ڕێک وپیکەوە تۆمار کرابوو.بەڵام پێموایە کورسەکە ژنان و پیاوانی غەیرە کوردی تێدا بوو. چوون ئەو سەردەمە هەرچی سەرنجم دەدا و لێی ورد دەبوومەوە، بێجگە لە ئەو دێڕە نەبێ (ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە) هیچی تری تێنەدەگەیشتم.
هەر لەم سەردەمەدایە کە حەسەن زیرەک (پاش رووخانی پاشایەتی) لە ئێراق دەگەڕێتەوە و ئەویش پاش تۆمار کردنی چەند گۆڕانی لە تاران ،لە کۆرسی یەک دوو سروودیشدا بەشداری دەکات. هەرلەم سەردەمەدا لاوێکی دەنگخۆشی سنەیی، بۆ یەکەمجار ناوبانگی لە سنە تێدەپەڕێ و هەموو گۆرانیبێژانی خۆجێی تێپەڕدەکا و لە تاران و بە ئورکێستێکی جوانەوە چەند گۆڕانیی نیشتمانی کە هێندێکیان دەبێ بە سروود بژمێردرێن، تۆمار دەکات. بەڵێ ، ئەو لاوە دەنگ خۆشە کەس نییە مەگەر " مەزهەری خالەقی". کە پاش "سەی عەلی ئەسکەری کوردستانی" یەکەم گۆرانی بێژی سنەییە ناوبانگی کەوشەنی ناوچەی سنە و ئەرەڵان دەبەزێنی و هەموو کوردستان دەگرێتەوە. بەختەوەرانە ئێستەش رۆژانە ئەو گۆرانی و سروودانەی کە ئەو دەم تۆمارکراون

دەبیسین. جا نازانم بەڕێز خوڵامی ئێستەش پێی وایە ئەو یەکەم سروود بێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە!

هەر لەو سەردەمەشدا لە مەهاباد چەند گۆرانی بێژێک سەرهەڵدەدەن کە هێندێک لە گۆرانییەکانیان لە لایەن خەڵکەوە بە سیاسی تەعبیر دەکرێنەوە .کە نموونەیان موحەمەدی مامڵێ بەچەند گۆرانی و لەوانە "من دەڵێم" (شێعری سەید کامیلی نیزامی) و"زەمانە" و هەروەها خەلیلی سدیقی‌یە. هەروەها لە سنە گۆرانییەکی فلکوڕ کە بەڕاستی سروودێکی تەواوە و ساڵەهای ساڵە خەڵکی ئەم ناوچەیە بە چرێنی کوڵوکۆی دەروونیانی پێدادەمرکێننەوە، لە ماوەی چەند ساڵدا و تا ئیستاش لەلایەن چەند کەسەوە تۆمار دەکرێ .ناوی ئەم گۆرانی-سرووده"کوردستان خۆشە"یە کە ئێستەشی لەگەڵ بێ هەروا تازە و بێهاوتا ماوەتەوە.

پاش چەند ساڵێک ڕادیوی بەشی کوردی لە تارانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کرماشان و بە ڕادیویەکی 100 کیلواتیی کە لە سەر شەپۆلی نێوەنجی پڕۆگرامی بڵاو دەکردەوە بەهیز دەکرێ.

لەم سەردەمەشدا چەندین سروود و گۆرانیی شۆڕشگێرانە (بە پێی هەلومەرج و توانای دەربڕینی ئەوکات)تۆمار دەکرێ کە دەتوانین سروودی "نەورۆز" ی حەسەن زیرەک(سەرەڕای گۆڕانی هێندێک لە شێعرەکانی) بە نموونە بێنینەوە. دیارە هەموو ئەوکارانە لە ژێر چاودێریی حکوومەتدا و لە بەرژەوەندی سیاسەتەکانیدا ئەنجام دەدران. بەڵام سەرەڕای ئەوەش هێندێک لەو کارانە بۆ مێژو مانەوە و بوون بە ماڵی کورد و چوونە خەزانەی کەڵتوور و گۆرانیی کوردیەوە.

بەرەبەرە ڕادیو کان زیاد دەکەن و سنە، مەهاباد، ورمێ و تەنانەت مەریوانیش دەبنە خاوەن ئێزگەی ڕادیویی بەهێز و کاتی بەرنامەکانیان زیاد دەکرێ.دیارەڕادیو بەهێزەکەی مەریوان سەری حکوومەتی شای خوارد و پێش ئامادە بوونی، شا رووخا.

شانبەشانی ئەمانە لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول و هاتوچووی پێشمەرگە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (من لێرەدا باسی لایەنی سیاسیی پێوەندیی بارزانی و پارتی بە ئێران و پاشهاتەکانی ناکەم)،بەرە بەرە وشیاریی نەتەوەیی لە ڕووناکبیران و خوێندکارانەوە تەشەنا دەکاتە نێو کۆمەڵگەش.ئەوەیە کە جار جار لاوێک دەر دەکەوت کە بە دەنگە خۆشەکەی و بە هەڵبژاردنی شێعر و گۆرانیەکانی ،هەست دەکرا کە ئەم ئینسانە قسەیەکی بۆ گوتن هەیە ولەگەڵ ئەوانیتر جیاوازە. ئەم سەردەمە سەرەتاکانی 50کانی هەتاوی، واتا سەرەتای 70 کانی زایینییە. یەکەم نموونەی ئەم کەسانە،"عەزیز شاڕۆخ"ە کە بە خوێندنی شێعری "پیرە هەڵۆ" و "شێعرەکانی ساڵەح دیلان" بەشێوەیەکی پڕ سۆز. توانی لە دڵی ڕۆشنبیران و ئەوکەسانەی کە هەستی نیشتمانپەروەریی و یەکسانیخوازیان هەبوو جێگەی خۆی بکاتەوە. لە ڕاستیدا لە پاش نەسڵی پێش خۆی، واتا پاش خالەقی(گەرچی خالەقی خۆی لاوبوو بەڵام زوو دەستیپێکردبوو و پێگەی کۆمەڵایەتیی جیاوازی هەبوو خۆی تێکەڵ ئەم "گێرە و کێشەیە" نەدەکرد)،زیرەک، مامڵێ وکەسانی دیکە ، عەزیزشاڕۆخ یەکەم کەسە کە بە هەست و سۆزێکی شۆڕشگێڕانەوە دێتە مەیدانی هونەر و گۆرانییەوە و هەوەک باسم کرد بە "پیرە هەڵۆ" ڕچەی سەردەمێک بێدەنگی و کپی دەشکێنێ و بەچەشنێک هاواری بێمافی دەکات.ئەمە یەکەم هەنگاوە کە سەربەخۆ لە دەسەڵات هەڵدەگیرێ. دیارە شارۆخ یەکەم جار بە بەشداری کردن لە "فستیوالی هونەریی شیراز و بە گۆرانیی "کابووکێ"ی حەسەن جەزراوی کە بە سۆز و هەستێکی تایبەتەوە چڕیبووی، دەستی پێکرد.

یەک دووساڵ پاشتر لاوێکی رەشتاڵە لە سنەوە سەر هەڵدەدات کە بەپێچەوانەی هەموو گۆرانی بێژانی تا ئەو سەردەمی سنە، کە خاوەن بنزاراوەی تایبەت بە خۆیان واتا ئەردەڵانی بوون، ئەم لاوە بە کوردیەکی گشتگر گۆرانی دەچڕێ. هەر ئەوەبوو کە لەسەرەتاوە بێجگە لە ڕووناکبیران و

ئەوانەی هێندێک ئاشنا بە زاراوەکانی دیکەی کوردی بوون، هاو شاریەکانی بایەخێکی ئەوتۆیان بە دەنگی نەدەدا. ئەوەبوو رووی لە ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵات وەک سەقز و مەهاباد دەکرد و لەو شوێنانە لایەنگری زۆرتر بوو. بەڵام دەنگ و بەتایبەت هونەرەکەی لەوەدانەبوو کە خەڵکی شارەکەی بتوانن لەوە زیاتر پشتگوێ بخەن ، بۆیە زۆری پێنەچوو کە سنەییەکانیش لە ئاستی جەماوەریدا تەسلیمی توانایییەکان و هونەر و دەنگە زوڵاڵەکەی بوون. بەڵی ئەم کەسە وەک خۆتان بۆی چوون ، هونەرمەند ناسری ڕەزازییە.
ناسر هەر لەکاتی دەسپێکردن بە خوێندنەوە،هەست و سۆزێکی نوێی هێنایە نێو گۆرانییەوە. ئەویش هەروەک عەزیزشارڕۆخ لە هەڵبژاردنی شێعر و گۆرانیدا ،شتێکی جیا لە گۆرانی بێژانی سەردەمی خۆی بوو.هەر لەو کاتەدا کە ناسر هاتە نێو دونیای گۆرانییەوە(مەبەست ناودەرکردن و بە فەرمی بوون بە گۆرانی بێژە ئەگینا هەر لە هەڕەتی مێرمنداڵییەوە گۆرانی دەچڕی)،زۆر گۆرانی بێژی دیکەمان ،چ لە سنە و چ لە شارەکانی دیکە هەبوو، بەڵام ئەم لە یەکەم کاری فەرمی خویدا لە "سالونی هونەرستان"،نیشانیدا کە چتێکی دیکەیە. و لە یەکەم شریتدا کە بڵاوی کردەوە،بە گۆڕینی شێعرەکانی گۆرانیی "کرماشان"ی حەسەن زیرەک و دانانی "کوردستان" بە جێگەی، یەکەم گۆرانیی شۆڕشگێرانەی خۆی بۆ ئەو سەردەمە تۆمار کرد.
ئەم رەوەندە هەروا درێژەی دەبێت تا سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەسپێکردنی ڕێپێوانەکان.لە ریپێوانەکانیشدا ، هەروەک کاک ناسر خۆی ئاماژەی پێداوە،بەشدار بووە و لە هەر بۆنەیەکدا ،زۆر بوێرانە سروودی خوێندووە . کە ئەمە بۆ ئەو کات کە هێشتا "ئیقتیداری" حکوومەتی شا نەشکابوو و ساواک لە کوردستان حکوومەتی دەکرد،جورعەت و بوێریی دەویست. لەبەر ئەوەی بەڕێز رەزازی لە زۆر شووین باسی کارە سیاسییەکان و سروودەکانی خۆی کردووە،من لە دووپات کردنەوەیان خۆ دەبوێرم .بەڵام لەیەک مەوریدا پێموایە بەڕیزیان لەبیری چووە کە باسی بکات. ئەویش بە باوەڕی من یەکەمجار کە بەشێوەی رەسمی کاک ناسر سروودی خوێند،لە تەحەسونەکەی دادگوستەریدابوو. ئەوەبوو رۆژی پێشوو لە خیابانی "فەرەح" چوار کەس کوژران کە یەکیان "عوسمان ئەحمەدی"ی ناو بوو کە خەڵکی گوندی "ئارەنان" بوو. رۆژی پاش کوژرانی تەرمەکەی لە لایەن کۆمەڵانی خەڵک و بە سەرپەرستی یاد زیندوو "سەدیقی کەمانگەر" برایەوە بۆ ئارەنان. دیارە بەشێکی زۆر لە خەڵکەکە لە شوێنی "تەحەسونەوە" لەگەڵ تەرمەکە کەوتن. و پاش ناشتنی تەرمی "عوسمان" لە گوندی ئارەنان، خەلکەکە بە خۆپیشاندان گەڕانەوە بۆ سنە و هەموو روویان کردەوە دادگوستەری. ئەگەر باش لەبیرم بێ هۆی تەحەسونەکەش ئەوە بوو کە یاد زیندوو "فواد مستەفا سولتانی" و چەند کەسی دیکە لە زیندان "ئیعتساب"یان کردبوو، خەڵکیش بە پشتیوانیی ئەوان لە دادگوستەری "تەحەسون"یان کردبوو. لەو مانگرتنەدا بۆیەکەم جار ناسر سروودی"دێم و دێم"ی خوێند و بەشدارانی مانگرتنەکە هێندە زۆربوون کە هەردوو قاتی دادگوستەریان پڕ کردبو،دێم و دێمەکەیان دووپات دەکردەوە.
پاش ئەوە ئیتر لە هەموو خۆپیشاندان و ئیعترازەکاندا ناسر لە پێشەوە، هاندەرێک بوو بۆ ئەوانی دیکە و بەڕاستی بە دەنگ و سروودەکانی وەرەی پێدەدان.
پاشان هەر یەکەم شەوی رووخانی پاشایەتی ،واتا چەند کاتژمێر پاش هێنانە خواری "پەیکەری"شا و گرتنی ساواک وەک ناوەندی سەرکوت و جەنایەتی حکوومەتی پەهلەوی، ناسر لەسەر تەلەفزیونی سنە،دوو سروودی بەناوەکانی "کوردین و دلێر" و "نیشتمان " خوێند کە لە ڕاستیدا یەکەم سروودی ئازاد و سەربەخۆ بوون لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە (پاش کۆمار) بە بێ پێچ و پەنا بۆ مافی نەتەوەی کورد خوێندران و ئەمە لە مێژوودا بەناوی هونەرمەند ناسری رەزازیەوە تۆمارە کراوە.

تا ئەم کاتە کە باسکران، هیچ خەبەرێک لە کاک نەجمەی خولامی نییە.تەنانەت پاش ڕووخانی حکوومەت و هاتنە ئارای کەش و هەوای ئازادو نەبوونی دەسەلات و سەرهەلدانی بزووتنەوەی جەماوەریی کۆمەلانی خەلک لە سەرتاسەری کوردستان بۆ داواکردنی مافەکانیان، کاک نەجمە نابینین . لە پاش نەورۆزی (1979 ز)1358دا، لە کاتی ناشتنی تەرمی ژمارەیەک لە ئەندامانی جەمعییەت(پاشتر کۆمەلە) کە کاتی بەهانا چوونی خەلکی تورکمەن کە بەر هێرشی جەکدارەکانی حکوومەتی مەلاکان کەوتبوون ، مینی بووسەکەیان هەلگەڕابوو و گیانیان لەدەس دابوو، کاک "خولامعەلی ئاتەشی" (کالێ) وەک سروود خوێن بە خوێندنی "چی بوو تاوانی ئەوانەی... "شێعری مامۆستا قانێع سروودی خوێند. هەرلەم سەردەمەدا کاک فەرهادی بابان(کوڕی شوکرولای بابان) سروودی دەخوێند. بەلام پاشتر ئەویش لە کڕ کەوت و ئێستا هەر دیاری نییە. دیارە لە شارەکانی دیکە بێگومان کەسانێک بوون کە سروودیان خوێندووە، بەلام لەنێو هەموویاندا بێجگە لە عەزیز شارۆخ و ماملی(لە گونگرەی چواری حیزبی دیموکرات) تەنیا یاد زیندوان جەمالی موفتی و کەریمی بلووری وەک گۆرانی بێژ و دەنگخۆش ناویان دەرکرد. ئەلبەت هەر لەو سەردەمەدا زۆر گۆرانی بێژ و دەنگخۆشمان هەبوو، بەلام تا ئەوجێگەی من ئاگاداربم کەسیان روویان لە سروود یا گۆرانیی نیشتمانی خوێندن نەکرد. بۆنموونە هەر کاک نەجمەی خولامی تا ئەوکاتە واتە پاش رووخانی پاشایەتی ،یەک شریتی تۆمار کردبوو (نازدار و نازدار)، هیچ خۆی لە سروود و گۆرانیی شۆڕشگێڕی نەدابوو.
حکوومەتی تازە(کۆماری ئیسلامی) سەرەنجام لە 28ی گەلاوێژی سالی 58 دا هێرشی هێنایە سەرکوردستان و شەڕ دەستی پێکرد و پاش سێ مانگ حکوومەت شکا و داوای ئاگر بەسی کرد. لە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ شارەکان، واتا لە پاییزی 1358 دا(مانگی خەزەلوەر) ئێمە گوێمان لە گۆرانیی شۆڕشگێڕیی کاک نەجمەی خولامی دەبێ. کە بەقەولی خۆیان بە "برای ئار پی جی لەشان" ناوی دەرکرد.

بە پێویستی دەزانم ئەوە باس بکەم کە من لەو باوەڕەدام سروود و گۆرانیی شۆڕشگێری لەیەک جیاوازن. سروود ریتم و ئاوازی تایبەتی هەیە و موسیقاکەی حیماسی و لە مارش نزیکترە. بەلام ئەو گۆرانییە شۆڕشگێڕی یا نیشتمانیانە کە مۆسیقایەکی "گرژ" یا شێوە گۆرانیان هەیە، ناتوانین بە سروودیان بزانین. بۆ نموونە ئەو چەند سروودەی رەزازی کە سالی 1978دا لە سلێمانی و بە هاوکاریی مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی و تیپی مندالانی سلێمانی تۆماری کردووە، یا سروودەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول ئەگەر سروودن، چۆن دەتوانین بۆ نموونە "برای ئارپی جی لە شان" و "فەرەنجی پۆش" بە سروود بزانین لە کاتێکدا نە ئاوازەکانیان و نە دەنگی بێژەرەکە هیچ هێمایەکی مارش و سروودیان تێدا نییە. یا گۆڕانیی شۆڕشگێڕانەی"هۆ کاکی پێشمەرگە"ی هونەرمەند حەمە جەزا، کە ئاوازەکەی "هیندیە" و ڕیتمەکەی بۆ هەلپەڕکێ دەبێ، ئایا دەکرێ بە سروود بزانرێ؟ دیارە"کاکی پێشمەرگە" هەر وەک نموونە باس دەکەم ئەگینا هونەرمەند حەمەجەزا هەم سروود و هەم گۆرانیی شۆڕشگێری و نیشتمانیی ڕەسەن و لەبیر نەکراوی زۆری هەیە کە توانیویانە زۆر کەلێنی ئەم بوارەی هونەر پڕ بکەنەوە.
ئەگەرچی هەرکام لەم گۆرانییە شۆڕشگێڕانەیانە خاوەنی چێژ و هەست خۆیانن .بەلام لەهەر حالدابە باوەڕی من سروود نین. سەرەڕای ئەوەش هەر دەنگێک بۆ سروود خوێندن نابێ. لەوەش خراپتر ئێمە زۆر گۆرانیی شۆڕشگێڕانە یا نیشتمانیمان هەیە کە ئاوازەکانی لە نەتەوەکانی دیکە گیراون(یا دزراون). چۆن دەبێ ئەو ئاوازە مەسەلەن لە فارسیدا گۆرانی بێ، بەلام هەمان ئاواز (لە بەر ئەوەی تێکستێکی شوڕشگێڕیی لە سەرە) لە کوردیدا بە سروود دابنرێ. من بۆ ئەم

باسە نموونەم زۆرە بەڵام بەهۆی پاراستنی هێندێک سنوور ناوی گۆرانییەکان و گۆرانی بێژەکانیان ناهێنم.
بەو مێژووە کە باسم کرد، پێموایە دەبێ روون و ئاشکرابێ کە ئەوە کاک نەجمە نەبووە کە لەرۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم سروود خوێن بووە. گەرچی ئەوە گرینگ نییە و کاک نەجمە بەرادەی پێویست خزمەتی بە گۆرانی و فەرهەنگی گەلەکەی کردووە و نابێ هێندە پێ لەسەر چتێک داگرێ کە ناتوانێ بیسەلمێنێ. من پێموایە کاک نەجمە ئەوەندە ناسراوە و بۆ لایەنگرانی دەنگی خۆشەویستە کە پێویستی بەم کارانە نەبێ . بەرێزی دەبێ ئەوەش بزانێ کە هەر هونەرمەند یا گۆرانیبێژێک رێچکە وڕیباز و دەنگ و لایەنگری خۆی هەیە و هیچیان پێکەوە بەراوەرد ناکرێن.
من لەو باوەڕەدام کە ئەو ئیدیعایەی کاک نەجمە بەداخەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە زانیاریی بەرێزیان لەسەر مێژووی گۆرانی کوردی کەمە. لە کاتیکدا لە کەسانی وەک ئەو کە خاوەن ئەزموونێکی دوور و درێژن چاوەروانی ئەوە دەکرێ لانی کەم لەو بوارەی کە کاری تێدا دەکەن لێکۆڵێنەوە بکەن و بەشوین لایەن و چەم و خەمەکانیدا بچن و بە ئاگاهی و زانیاریەوە باسی ئەو بوارە بکەن. چوونکە هەر دەنگ خۆشی بۆ گورانی وتن بەس نییە. گەرچی ئێستاشی لەگەڵ بێ زۆربەی زۆری گۆرانی بێژانی ئێمە ،تەنیا بەهۆی ئەوەی کە دەنگیان خۆشە روو لە گۆرانی گوتن دەکەن و هیچ زەحمەتێک بەخۆیان نادەن یا فێری مۆسیقا بن یا لانی کەم ئاشنا بە کەلەپوور و ئاواز و مێلۆدیی کوردی بن. هەر ئەوەشە کە حاڵ و هەوای بواری گۆرانیمان گەیشتووەتە ئەو بشێوە و تێکەڵ پێکەڵەی ئیمرۆ. ئەمە بەڕاستی جێگەی داخە.
پووشپەڕی **2706**